# ئازادیخوازانی دەربەندیخان بەرگری لە ئازادیی ڕۆژنامەنووسی دەکەن

پاشنیوەڕۆی ٢٠٠٧\١١\٢٩ لەشارۆچکەی دەربەندیخان لە خانەی ڕوناکبیری و هونەری دەربەندیخان دەستەی بەرگری لە ئازادی ڕادەربڕین لەدرێژەی کاروچالاکیەکانیدا بۆبەرگرتن و ڕوبەڕوبونەوەی بەیاسایی بونی (پڕۆژەیاسای کاری ڕۆژنامەنوسی لەکوردستان) کە "سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان" خستویەتیە بەردەم پارلەمانی کوردستان بە ئامەدەبونی کۆمەڵێك لە ئازادیخوازانی دەربەندیخان هەستا بە سازدانی سمینارێك بۆ کاروان نەجمەدین ئەندامی دەستەی بەرگری لە ئازادی ڕادەربڕین ، سەرەتا سیمینارەکە لەلایەن مەهدی کامیل ئەندامی دەستەکەوە بە بەخێرهاتنی ئامادەبوان و خستنەڕوی بەشێك لە کاروچالاکیەکانی دەستەکە دەستپێکرد پاشان بەیاننامەی یەکەمی دەستەکە سەبارەت بە (پرۆژەیاسای کاری ڕۆژنامەنوسی لە کوردستان) خوێندرایەوە .

دواتر کاروان نەجمەدین ڕا و بۆچونی دەستەکەی سەبارەت بە پڕۆژەیاساکە و خەتەرەکانی بەیاسایی بونی ئەو پڕۆژەیەی خستە ڕو ، پاشان داوای دەستەکە بۆکاری دەستەجەمعی و بەرگری لە ئازادی ڕۆژنامەنوسی و ڕبەڕونەوەی ئەم پڕۆژەیە بەیانکرا ، دوای ئەوەی ئامادەبوان بە بایەخەوە بەشداریانکرد و ڕا و سەرنجەکانیان لەسەر باسەکە خستە ڕو ، بە تێکڕای دەنگ ئامادەبوان پشتیوانی خۆیان ڕاگەیاند بۆ کارکردن و فراوانکردنەوەی کەمپینەکە تا بتوانین ئێمەی ئازادیخوازان لە کوردستان یەکدەست بەر بە پڕۆژەیاسایەك بگرین کە ئازادی ڕۆژنامەنوسی بەرتەسك دەکاتەوە

**دەستەی بەرگری لە ئازادی ڕادەربڕین**

**٢٠٠٧\١١\٢٩**

This document was created with Win2PDF available at http://www.daneprairie.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.